**ئه نجومه‌نی دادوەری**

**ژماره : ٤٢٧ له ٢٠١٣/٥/١٣**

## بـەیـــان

**ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٢٧) لە ٢٠١٣/٥/٧ وە پشت بەنووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نووسینگەی تایبەتی سەرۆكی حكومەت ژمارە (٢٠١٠ ) لە ٢٠١٢/٨/٦ بـە پەیڕەوكردنی سیستەمی (لامركزی ) لە ڕایكردنی كاروباری ژمێریاری و دارایی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان ، ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە :-**

**- كردنەوەی بەرێوەبەرایەتی كاروباری ژمێریاری نامەڵبەندی لە دیوانی ئەم ئەنجومەنە بـەم شـێوەی خوارەوە .**

**- بەرێوەبەرایەتی كاروباری ژمێریاری نامەڵبەندی :-**

**١- بەشی ژمێریاری .**

**أ- هۆبەی ژمیریاری .**

**ب- هۆبەی خەرجیەكان .**

**٢- بەشی دەستەیووردبینی .**

**أ- هۆبەی ووردبینی .**

**ب- هۆبەی كۆمپیوتەر .**

**- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەكرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە .**

**أحمد عبدالله زبير**
**سەرۆكی ئه نجومه‌نی دادوەری**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە : ٤٢٨ لە ٢٠١٣/٥/١٣**

## بــەیـــان

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە مــاددە/٣٤ بڕگــەی/ چــوارەم لــە یاســای دەســەڵاتی دادوەری ژمارە(٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی دادوەری بڕیاریدا بە دانانی پەیکەری ڕێکخستنی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەکەم : ماف :-**

هۆبەی (١- دادگای تێهەڵچوونەوە ٢- دادگای تێهەڵچوونەوە بە شێوەی پێداچوونەوە ٣- ژمێریاری )

**دووەم** : دیوانی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە :-

بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە: هۆبەی ڕاگەیاندن .

**سێ یەم**: بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

هۆبەی (١- کارگێری ٢- پرسگا ٣- هونەری٤- IT ٥- خزمەتگوزاری ٦- پەرتوکخانە )

**چوارەم** : بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی : بەشی خۆیەتی دادوەران و فەرمانبەران .

هۆبەی (١- میلاکات ٢- هاتوو دەرچوو ٣- کۆمپیوتەر٤- خامەی نهێنی ٥- دۆسیە)

**پێنجەم**: بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری

هۆبەی (١- ژمێریاری ٢- بودجە ٣- بارمتەکان و خەزنەدار ٤- مووچە ٥- خەرجیەکان)

**شەشەم**: بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی

**حەوتەم**: بەڕێوەبەرایەتی کۆگا و ئەرشیف

**هەشتەم**: بەشی پلان و ئامار : هۆبەی (١- پلان ٢- ئامار )

**نۆیەم**: بەشی پەیوەندییەکان

**دەیەم**: بەڕێوەبەراتی پێ ڕاگەیاندنی دادوەری

**یانزە هەم** : بەڕێوەبەرایەتی ڕەفتاری نەوجەوانان

**دوانزەهەم**:دادگاکانی سەنتەری شارەکان و قەزا وناحیەکان هۆبەی(١-کارگێری٢-هۆبەی ژمێریاری)

**سێزدەهەم**: ئەو دادگایانەی یەکەی ژمێریاری و بودجەی تایبەتی خۆیان هەیە

هۆبەی(١- کارگێری٢- هۆبەی ژمێریاری ٣- هۆبەی بودجە ٤- هۆبەی ووردبینی٥-هۆبەی مووچە)

**أحمد عبدالله زبير**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**